


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە

چاوگەشەکانی کوردستان

ئەم کاتەتان باش

منیش وەرزی هاوینم زۆر خۆش دەوێ لە بەر ئەوەی کە لە پشووی هاویندا ئێوە دەتوانن بە کەیفی خۆتان تلویزیون چاو لێ بکەن و وەرزش و یاری بکەن و لەگەڵ بنەماڵەکانتاندا بۆ گەشت و سەیران و دیتنی جوانییەکانی سروشتی کوردستان بڕۆنە دەرەوە، بەڵام منداڵە خۆشەویستەکان:

بۆ ئـەوەی کە بتوانن بە باشترین شێوە لە پشووی هاوینتان کەڵک وەرگرن باشتر وایە کە بەرنامەیەک دابرێژن و لەو بەرنامەیەتان دا هەم کات بۆ یاری کردن و سەیری تلویزیون و کارتون و بازیی کامپیوتری و هەم کات بۆ گەڕان و وەرزشکردن و کتێب خوێندنەوە دابنێن.

منداڵە ئازیزەکان: شتێک کە زۆر گرینگە و لە پشووی هاوین دا نابێت پشت گوێی بخەن و لێی غافڵ بن کتێب خوێندنەوەیە، چون ئەگەر لەم سێ مانگەی پشووی هاوین دا کتێب نەخوێننەوە مێشکتان تەمبەڵ و لاواز دەبێت و لە دەسپێکی ساڵی تازەی خوێندندا تووشی گرفت دەبن و دەبێت ماوەیەک خۆتان زۆرتر ماندوو بکەن بۆ ئەوەی دووبارە مێشکتان ئامادە ببێتەوە.

منداڵە خۆشەویستەکان: شتێکی دیکە کە دەبێت لە وەرزی هاوین دا ڕەچاوی بکەن ئەوەیە کە نابێت لەو کاتانەی ڕۆژدا کە هەوا زۆر گەرمە لە ماڵ بچنە دەرەوەو خەریکی یاری کردن بن، لە بەر ئەوەی کە هەم پێستی دەم و چاوتان دەسووتێ و هەم تووشی نەخۆشی و گەرمازەدەگی دەبن.

بە هیوای ئەوەی کە بە باشترین شێوە کەڵک لە پشووی هاوینیتان وەرگرن و هاوینێکی خۆشتان هەبێت.














«حەمە ساڵەح» کوڕی «مەلا ئەحمەد»ی دیلان کوڕی «مەلا ساڵەح»ی کوری «مەلا قادر»ی شەو خوێن ە کە لە قەڵا چوالانەوە هاتوونەتە سلێمانی.

دیلان لە ساڵی ١٩٢٧ زایینی لە سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە لە دایک بووە. سەرەتای خوێندنی لە مزگەوتی شێخ باباعەلی قوتابخانەی خالیدییەوە دەست پێ کردوە و تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٧ زایینی دا بووە بە فەرمانبەر. لە بەر بیرو باوەڕی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی هەر لە ساڵەکانی ١٩٦٦-١٩٤٨ دا زۆر جار تووشی گیران و دوور خستنەوە بووە. دیلان یەکێک بوو لە شاعیرە ناودارەکانی سەدەی بیستەم.

مەلا ئەحمەدی باوکی پیاوێکی ئەدەب دۆست و شارەزا بوو کە ڕێگای بۆ دیلان خۆش کرد کە ببێتە شاعیر. هەروەها هۆنراوەی شاعیرانی کورد وەک: مەولەوی، سالم، پیرەمێرد، گۆران و مەحوی کاریگەریی زۆریان لە سەر دیلان بووە ، و لە هەمان کاتدا هۆنراوە فارسییەکان کاریان کردوەتە سەر بەهرەی شیعریی دیلان بە تایبەت هۆنراوەکانی سەعدی و حافیز و نیزامی.

یەکەم هۆنراوەی دیلان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ زایینی لە بەندیخانەی کووت.

هەوێنی هۆنراوەکانی سەرجەم نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و جوانیی وڵات و دیمەنەکانیەتی و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باری رۆشنبیری و پلەی هۆش و ڕادەی بەشداربوونی لە بزووتنەوەی نیشتمانی و پێشکەوتن خوازیی نەتەوەییدا.

دیلان بەهرەیەکی باشی هەبووە لە بە کار هێنانی نیشان( ڕمز)دا بۆ دەربڕینی مەبەستی تایبەتی، چونکە لە بەر ستەم و زۆرداری و هێزی تاریکی ئەو سەردەمە نەیویستووە مەبەستەکانی ئاشکراو دیار بکات.

ئەم شاعیرە هەست ناسک و نیشتمانپەروەرە لە ڕێکەوتی ١٩٩٠/١٠/٢٨ بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە خاک و نیشتمانەکەی کرد.

ناوەرۆکی شیعرەکانی دیلان:

١ـنەتەوەیی و نیشتمانپەروەری

٢ـ جوانیی سروشتی وڵات

٣ـ دڵداری و جوانیی ئافرەت

نموونەیەک لە هۆنراوەکانی دیلان:

*شێخ مەحموودی زیندوو*

لە کێ بپرسین سۆراخی ڕاستی
دیارە نزیکتر هەر بەرانانە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز
ئێستا ئەو بەرت کێی لا میوانە
هەواڵێ پرسە، لە داری کەلی
شێخ لەوێ ماوە یا لە سەیوانە
ئێستە سێبەری سەر جەستەی کفنی
هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە
ئێستە پێخەفی نەرم و نۆڵی شەو
بەردە یا خاکی کانی ئاسکانە
بەردە قارەمان لە جێی خۆی ماوە
هەر لە دەربەندە یا لە پیرانە

ئا: گەلاوێژ پەیرەوان

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



لە گێلێک دەپرسن رەئیت لەسەر ڤالانتاین چییە؟
ئەویش دەڵێ وەڵا سێ بە هیچ لە ریال مەدرید دەباتەوە

***

مامۆستا: کچم کام مانگ لە هەموو مانگەکان خۆشترە؟
کچ: مامۆستا مانگی هەنگوین

***

ئوتۆمبیلێک لە کابرایەک ئەدات و قاچێکی دەشکێنێت. شۆفێرەکە دەیەوێت لەگەڵ کابرای قاچشکاو رێک بکەوێت تا تووشی مەحکەمە نەیەت، کابرای قاچشکاویش بە هەلی ئەزانێت و داوای سەدهەزار دینار دەکات.

کابرای شۆفێر لە وەڵامی ئەم داوایەدا ئەڵێ:
«بۆ تۆ وا دەزانیت من ملیۆنێرم وا داوای سەدهەزارم لێ دەکەیت؟»
کابرای قاچشکاویش ئەڵێ:
«ئەی بۆ تۆش وا دەزانیت من هەزارپێم وا قاچێکت شکاندووم و ئەشتەوێت لێت خۆش ببم؟

***

رۆژێک لە گێلێک دەپرسن ئەوە بۆ دکتۆرەکان کە یەکێک عەمەلیات دەکەن دەمامک دەبەستن؟
ئەویش دەڵێت: ئاخر بۆ ئەوەی کە ئەگەر نەخۆشکە مرد، دکتۆرەکە نەناسیتەوە..






## بۆ باوکم

خۆشەویستەکەی ژینم
باخەوانی ئەوینم
سڵاوی زۆر بە تینم
بۆ تۆ باوکی شیرینم
مایەی شانازی منە
سۆزی ئاوازی منە
بەهرەی بەختیاری منە
ئەمانە دیاری منە
خۆشەویستەکەم بابە
لە ێمە دڵنیا بە
تێدەکۆشین هەموومان
بۆ سەربەرزی نیشتمان

دیاری:خانی سۆفی

ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: فەرشید محەممەدی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی * شیلان قوربانی فەر
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com
دنیای منداڵان

# چارەنووسی منداڵی کورد



منیش منداڵێکم وەک هەموو منداڵانی جیهان
بەڵام وەک وان خاوەنی ماڵ و وڵاتی خۆم نیم،
چونکە کوردم
نەیانهێشتوە بەختەوەر بم،

لەو کاتەوە، بەڵێ لەو کاتەوە
کە،
دوای نۆ مانگ لە دایک بووم، لەم گۆی زەوییە کەوتمە سەرخاک،
خاکی خوا،
خاکی داگیر کراوی کوردستان

کە کەوتمە کوودەکستان،
فێری شیعری فارسییان کردم
ئاشنای وێنەی داگیرکەریان کردم
لێیان ویستم پێی هەڵبڵێم، خۆشم بوێ .

چوومە مەکتەب،
هەر لە رێوە
لە ژێر ئاڵای داگیرکەردا سروودی
خۆیان پێ خوێندمەوە،
ئەو وشانەی لە دایە گیان فێریان
ببووم، لە بناغەوە لێیان تێکدام
بەم شێوەیە؛
دار بە درخت،
سێو بە سیب،
ئاو بە آب،
دایە بە مادر،
بابە بە پدر،
وشە و واتا و هەر هەموویان لێ گۆڕیم

هەر کە گوتم ئەوانە بۆ منی منداڵی کورد نامۆن، هەر هەموویان
هەڵە و درۆن
گوێیان کێشام، پرچیان رنیم، بە شووڵ لە پەنجە ناسکەکانمیان
دا،

منیش گریام،
گریام، هەر گریام،
بە هەنیسکە و بە هەناسەوە گریام
لە تاو ژانی پەنجەم، لە چنگ زۆڵم و ستەم،



لە سویێی چارە نووسی منداڵی کورد
لە سویێی وشە و زمانی کورد
لە سویێی ماڵ و حاڵی کوردان
وڵاتی داگیرکراو و دابەش کراوم کوردستان،

بۆیە منیش هەردەم دەڵێم

بژی کوردستان، بژی کوردستان ..

**دیلان شاداب**

# پەپوولەیەکی ناسک و شیرین ماڵئاوایی لێکردین

فەریدە دەیگووت ئەو کاتەی کە ناو و وێنەکەم لە دنیای منداڵان دا بڵاو بۆوە زۆرم پێ خۆش بوو، دەیگووت زۆرم پێ خۆشە ببمە دوکتور و هاوکاریی خەڵکی نەخۆش بکەم، دنیای پێشکەوتوو ببینم

فەریدەی جوانەمەرگ دنیای منداڵانیشی زۆر خۆش دەویست و هەمیشە چاوەڕێی دەرچوونی دەکرد لەگەڵ ئەوەی کە بۆ خۆی منداڵ بوو، هۆگرییەکی سەیریشی بۆ کۆرپەکان و منداڵەکانی دیکە هەبوو هەمیشە کاتێک منداڵێک یان کۆرپەیەکی دەدیت دەیهێنایە لای خۆی و منداڵانە دەیلاواندەوە و یاریی لەگەڵ دەکرد و لەباوەشی دەکرد. ئەوانیش فەریدەی خوێن شیرینیان زۆر بە دڵ بوو و لەلای وی ئارام دەبوون>

پار بوو کە فەریدە بۆ دیتنی زێدو شوێنی دایک و بابی رۆیشتەوە سەردەشت و لەوێش سەردانی گوندەکانی قولەسوێر و فەقێسلێمانی کرد و هەوای پاکی سەردەشت و ناوچەکەی هەڵمژی، هەستی کرد هەوای ئەوێ ئەگەر چی خۆشەو خزمەکانی هەموو لەوێن و وڵات هەمووی سەرسەوزە بەڵام لەوێش هەستی کردبوو کە ناتوانێ هەناسەیەکی ئازاد هەڵمژێ، بەگشتی مرۆڤەکانی هەمووی تینووی ئازادین.

فەریدە پێی خۆش بوو کە لە رۆژی ٧ پووشپەڕ دا لەگەڵ منداڵانی سەردەشت وێنە بۆ یادی ٢٤ ساڵەی کیمیابارانی سەردەشت بکێشێتەوە و لە سایت و تی ڤی دا وێنەکانی بڵاو ببنەوە بەڵام داخەکەم راست لەو رۆژە دا ئەم پەپولەیە لە شەقەی باڵی دا و بەرز بۆوە بەرەو ئاسمان وتی من لەو دنیا لە گەڵ ئەو منداڵە چاوگەشانەی کە ٢٤ ساڵ لەمەوبەر راست لەو رۆژەدا بە هۆی کیمیا باران کرانی شاری سەردەشت گیانیان لە دەست دا و بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵیان دا وێنە دەکێشمەوەو یاری دەکەم، دەڵێ دایە گیان و بابە گیان دڵنیا بن من جێگام خۆشەو بە تەنیا نیم لێرە زۆر منداڵی چاوگەشی دیکەی لێن هەر زۆر زوو لەگەڵیان تێکەڵاو بووم و یاریان لەگەڵ دەکەم هەروەکوو ئێوارانی زەوی سپی دێمە دەرو پیاسەیان لەگەڵ دەکەم.



فەریدە چەند مانگ بوو گورچیلەکانی تووشی نەخۆشی ببوون و ئازاریان دەدا بەڵام بەو حاڵەشەوە کاتێک فەریدەت دەدیت نەتدەزانی کە نەخۆشیشە، ئەو بەو حاڵەش کە زۆر لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوت بەڵام ئەو ساڵەی خوێندنەکەی بە سەرکەوتنەوە تەواو کرد

فەریدە ئەسپەندار رۆژی ٧ی پووشپەر کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆ کاتێک لەگەڵ دایک و باوکی لە هەولێرەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوەیان لە رێگا ماشێنەکەیان وەردەگرێ و بە داخەوە دایک و باوکی بریندار دەبن و فەریدەش بە توندی بریندار دەبێ و بۆ نەخۆشخانە لە هەولێر رەوانە دەکرێت و دوای چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ دەرد و ئازار کاتژمێر ١١:٤٥ خولەکی شەو لە تەمەنی ١٢ ساڵی دا بە یەکجاری ماڵئاوایی لێ کردین.

رۆحی شاد بێت

**ن: چیا کوردستانی**

# دوو گورگ

هەبوو، نەبوو دوو گورگ بوون کە هاوڕێی گیانی گیانی بوون و هەر لە منداڵیەوە پێکەوە گەورە بوون و لە ناو ئەشکەوتێدا پێکەوە دەژیان و هەر کاتێکیش دەچوون بۆ ڕاو هەرچی کە ڕاویان کردبا لە بەینی خۆیان دا دابەشیان دەکرد.

ساڵێکیان لە وەرزی زستان دا هەوا زۆر، زۆر سارد بوو و ئەوندە بەفر بارییوو کە گورگەکان نەیاندەتوانی بچن بۆ ڕاو، هەر بۆیەش تەواوی ئەو شتانەی کە پێشتر ڕاویان کردبوو خواردیان. ئەوان هەروا چاوەڕێ بوون هەتا هەوا کەمێک خۆش بێ و بتوانن بچن بۆ دەرەوە و شتێک پەیدا بکەن. چەند ڕۆژێک بە برسیەتی مانەوە چیتر خۆیان پێ ڕانەگیرا ناچار بوون بەو سارد و سەرمایە بچنە دەرێ بۆ ڕاو.

وتووێژی نێوان گورگەکان:

– یەکێک لە گورگەکان کە چیتر توانای ڕێگا ڕۆیشتنی نەمابوون بە هاوڕێکەی گوت:

چارمان نیە دەبێ پەلاماری گوندێک بدەین.

–هاوڕێکەی گوتی ناتوانین ئەو کارە بکەین چونکە بە زیندوویی ناگەڕێینەوە.

– وەرە با بچین بۆ ئەو تەویلەی کە لە داوێنی کێوەکەیە و مەڕێکی بدزین و ڕا بکەین.

– وادیارە تۆ ئاقڵت لە دەست داوە. کێ بەو سەرمایە ئەو تەویلەیە بە جێ دەهێڵێ دڵنیام نیگابانی لێیە.

– تۆ زۆر ترسنۆکی مەگەر زگی برسی ئەو شتانە دەزانێ.

– لە بیرت چۆتەوە کە بابت چۆن مرد؟ وەکوو دزێکی ناشی پەلاماری کادێنێکی دا و لەت لەتیان کرد.

– دیسان ناوی بابمت هێنا، تۆ چکارت بە بابی من داوە مەگەر من ناوی بابی تۆم هێناوە.

– لەو قسانە گەڕێ ئەمن چیدیکە ناتوانم بە ڕێگا دا بڕۆم خەریکە لە برسان دەمرم.

– هەر بە ڕاستی خەریکە بەسەر زەوی دادەکەوێ بەو هێز و توانایەتەوە دەتویست پەلاماری گوند بدەی.

– بەڵێ نامهەوێ بە نامەردی بمرم، دەمهەوێ هەتا زیندووم بە سەربەرزی بژیم و ڕسقی خۆم لە چنگی مروڤ دەربێنم.

– گورگی بێ هێز ئەو قسەیەی کرد و بەسەر زەوی داکەوت



و نەیتوانی هەستێتەوە. هاوڕێکەی لە کەوتنی گورگەکە زۆر خوشحاڵ بوو و بە دەورووبەری دا داهات و دەچوو و چەند جارێکیش قەپی پێ داگرت.

– بە ڕاستی بێ چاو و ڕوویی

– ئەدی هاوڕێیەتی بە کەڵکی چی دێ، تۆ کە نەتهەوێ خۆت فیدای من بکەی؟

– چ فیداکارییەک؟

– تۆ کە خەریکە دەمری، کەوابوو لێم گەڕێ با من بتخۆم هەتا زیندوو بمێنمەوە.

– ئەمن بخۆی؟

– بەڵێ

– ئاخر من و تۆ ساڵانێکی دوور و درێژ هاوڕێی گیانی، گیانی بووین .

– هەر بۆیە دەڵێم تۆ دەبێ فیداکاری بکەی.

– ئاخر من و تۆ هەردووکمان گورگین، چۆن دەبێ گورگ، گورگی بخوا.

– بۆچی نەیخوا؟ ئەگەریش هەتا ئێستا نەیخواردووە من دەست پێ دەکەم، تا لە داهاتوودا منداڵەکانیشمان فێر بن.

– ئاخر گۆشتی من بۆن ساردی لێ دێ.

– ماڵت نەشێوێ من خەریکە لە برسان بێهۆش دەبم تۆ دەڵێی گۆشتی من بۆن ساردی لێ دێ.

– هەر بە ڕاستی دەتهەوێ بم خۆی؟

– بەڵێ، دەمهەوێ ئەو کارە بکەم؟

– کەوابوو تکایەکم هەیە؟

– چ تکایەک؟

– ڕاوەستە هەتا دەمرم دوایی بمخۆ.

– بە ڕاستی تۆ هەر چەند چاکەت لەگەڵ بکەن هەر پێ نازانی من دەمهەوێ بە زیندوویی بتخۆم هەتا هاوڕێیەتی خۆمت پێ بسەلمێنم مەگەر نازانی ئەگەر من تۆ نەخۆم دوای مردنت لاشەکەت هەر وا لەسەر زەوی دەمێنێتەوە و داڵ و سیسارکە کەچەڵە دێن و دەتخۆن؟ جگە لەوەش ئەگەر مردی بۆن دەکەی و ناتوانم بتخۆم چونکە نەخۆش دەبم.

گورگی فێڵباز ئەو قسەیەی کرد و هەر بە زیندوویی زگی هاوڕێکەی هەڵدڕی و خواردی.

وەرگێران: پەیام

# بەسەرهاتێکی پڕ لە ئەزموون

مێروولەیەک خەریکی کۆ کردنەوەی جۆ بوو، بە ڕێگادا دەرۆیشت وردە وردە لە کەندوویەک نزیک دەبۆوە کە پڕ بوو لە هەنگوین. دەمی پڕ بوو لە ئاو، بەڵام کەندووەکە لەسەر بەردێکی زۆر بەرز بوو و هەرچی هەوڵی دەدا دەستی نەدەگەیشتێ و هەر کە دەیویست وەسەر کەوێ هەڵدەخلیسکا. بەڵام زۆری ئیشتیا چووبووە ئەو هەنگوینە. دەستی کرد بە هات و هاوار کە هەرکەسێک یارمەتیم بداو ئەمن بەو هەنگوینە بگەیەنێ دەنکێکی جۆ دەدەمێ.

لەو کاتەدا مێروولەیەکی باڵدار لەوێ تێپەڕی. هەر کە گوێی لە هات و هاواری مێرووله بوو پێی گوت نەکەی بچی بەلای ئەو کەندووە زۆر ترسناکە!

ـ ئەوە کێشەی تۆ نیە بۆخۆم دەزانم چی بکەم!

ـ ئەوێ مێش هەنگوینی لێیە.

ـ ئەمن لە مێش هەنگوین ناترسم هەرچۆنێک بێ دەمهەوێ خۆم بگەیەنمە ئەو هەنگوینە.

ـ هەنگوین بە دەست و لاقتەوە دەنووسێ و رزگارت نابێ.

ـ ئەگەر دەست و لاق تێیدا گیری کردبا هیچ کەسێک هەنگوینی نەدەخوارد!!!

ـ کەیفی خۆتە لەسەر من پێ گوتن بوو ئەگەر بە قسەی من دەکەی واز لەو ئیشتیایە بێنە، ئەمن باڵدارم، ئەزموونم هەیە، بە باشی نازانم بچی بە لای ئەو کەندوویەوە چونکە خۆت تووشی گرفتاری دەکەی...

ـ ئەگەر دەتوانی یارمەتیم بدەی ئەوە پاداشی خۆت وەربگرە ئەگینا زۆری لەسەر مەڕۆ لێم گەڕی با کاری خۆم بکەم، چونکە ئەمن زۆر کەیفم بە نەسیحەت و ئەو شتانە نایە!

مێرووله باڵدارەکه گوتی: لەوانەیە ئێستا کەسێک پەیدا بێ و تۆ بەو سەرە بگەیەنێ بەڵام ئەمن بە باشی نازانم بچی چونکه داهاتوویەکی باشی نابێ بۆیەش یارمەتیت نادەم.

ـ کەواتە لە خۆڕا خۆت ماندوو مەکە، ئەمن هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەمڕۆ خۆم بگەیەنمە ئەو کەندووە.



مێرووله باڵدارەکه ڕۆیشت و مێروولەکەش دیسان دەستی بە هات و هاوار کرد:

ئەرێ پیاوچاکێک پەیدا دەبێ ئەمن بگەیەنێتە ئەو سەرە.

لەو کاتەدا مێشێک بە لای دا تێپەڕی:

ـ ئەی فەقیرە! هەنگوینت دەوێ ناحەقت نییە وەڵا هەنگوین زۆر خۆشە قەیناکا ئەمن بەو ئاواتەت دەگەیەنم...

مێروولەکە گوتی: زۆر سوپاست دەکەم خودات لێ رازی بێ !!!

مێشەکە مێروولەکەی هەڵگرت و بردییە سەر کەندووی هەنگوینەکە و بۆخۆی ڕۆیشت...

مێروولەکە زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی: ئەی لەو هەمووە بەختەوەرییە، ئەی لەو هەموو هەنگوینە، ئەو بۆنەی چەند خۆشە! ئەو مێروولانە چەند بەدبەختن کە بەو ڕۆژگارە خەریکی گەنم و جۆ کۆکردنەوەن و قەت جارێک هەنگوین ناخۆن.

مێرووله کەمێکی ئەو بەرو ئەو بەر کردو هەنگوینی خوارد هەر بەرەو پێشەوە دەرۆیشت تاکوو گەیشتە نێوەڕاستی کەندووەکە، کاتێک کە وەخۆ هاتەوە دیتی دەست لاقی لە نێو هەنگوین حاسێ بووە و ئیدی تانوانێ رزگاری بێ...

هەرچەند هەوڵی دا خۆی رزگار بکا هیچ فایدەی نەبوو. دیسان کەوتە هات و هاوار بەڵام ئەو جارە بۆوەی کە رزگاری بکەن:

پێویستیم بە یارمەتی هەیە تکایە رزگارم بکەن ئەگەر خێرخوازێک بێت و رزگارم بکا دەنکێکی جۆ دەدەمێ!!!

مێرووله باڵدارەکه کە لە سەفەر دەگەڕایەوە دیتی زۆری بەزەیی پێداهاتەوە و یارمەتی دا تاکوو هاتەوە دەرێ و پێی گوت: نامهەوێ سەرکۆنەت بکەم بەڵام ئیشتیا کردنی زۆر دەبێتە هۆی گرفتاری.. ئەو جارە بەخت یارت بوو ئەمن لێرەوە تێپەڕیم بەڵام لەوەی بەولاوە ئاگات لە خۆت بێ پێش ئەوەی کە تووشی گرفتاری بی گوێ لە قسەی هاوڕێکانت رابگرە و داوای یارمەتیش لە مێش مەکە.

چونکە مێش هاودەردی مێرووله نیەو ناتوانێ هاوڕێیەکی باش بێ بۆی.

**ئا: دایکی نارین**

# یەکبوون و هاوڕێیەتی

منداڵەکانی هاوڕێم
چیرۆکێکتان بۆ ئەڵێم
باسی پەپووسلێمانە
ئەو مەلە بەستە زمانە
ئەگریا بوو..بوو هەژار
فرمێسکی ئەڕژایە خوار
زیندەوەر بە خێرا زوو
کۆ بوون لە دەوری پەپوو
وتیان پەپوو بۆ ئەگری
فرمێسکی خەم دائەگری
وتی پەپوو: هاوڕێیان
دوێنێ شەو تاوە باران
خۆشی لە ناخم تۆران
خواردن وجل وماڵم
تەڕ بوون شیواوە حاڵم
ئێستاش بێ خانە ولانەم
ئاماژەی تیری تانەم
ئینجا تووتی نازەنین
روو بە خەندە و پێکەنین
وتی هیچ خەمی ناوێ
دەستم لە ناو دەست باوێ
ئادەی هاوڕێیان خێرا
دەستی یارمەتیم گیرا

ئاسک پووشی بۆ هێنا
کەویش بناغەی دانا
سمۆرە خواردن دێنێ
ورچ دای دەمەزرێنێ
بە هاوکاری خێرا زوو
ماڵی پەپوو تەواو بوو
وتیان فەرموو پیرۆزە
کەناری بۆت بە سۆزە
کەناری بە هەست و ورد
ئاوازێکی پێشکەش کرد
هاوڕێ بن لەم ئەوینە
هەتا حەزتان لە ژینە
لە پێناو هاوڕێیەتی
بکەن گیان فیدایەتی
ئەوەی تەنیا و بێ کەڵکە
داری بێ لەق و پەڵکە
ئەوەی هاوڕێی خۆش ئەوێ
لە ژینا سەر ئەکەوێ
دایم چەشنی برا بن
بۆ شەوی یەک چرا بن

**ن: عەباس حەقبین**

## چاوگەشەکانی دنیای منداڵان! جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە






# شـــــاری منـــــداڵان

ده ڕۆژ بوو پشووی هاوین دەستی پێ کردبوو، منداڵەکان لە سەر ئەو بڕیارەی لە قوتابخانە بە یەکتریان دابوو،دەستیان کرد بە سازکردنی شارۆچکەی تازە دار و بەرد و خشت و کاشییان ئامادە کرد، خەندەکیان لێدا و بەردی بناخەیان دانا، ڕۆژ بە ڕۆژ دیواریان بردە سەرێ،لە ئاخریدا کار گەیشتە دارەڕا و سەربانەکانیان داپۆشی، پەنجەرەی جوانیان بۆ دانا، درگا و دەروازەی باشیان تێخست.

هیوا ئەندازیاری شار بوو،شەقامی پان و بەرینی بۆ شار دانا. باخچەی یاری و سەیرانگا، حەوزی مەلە و باخچەی ئاژەڵان. باشترین کاری هیوا کە بۆ شارەکەی کرد، ئەوە بوو قەفەزی بۆ باخچەکە دانەنابوو، هیچ ماڵێک حەساری نەبوو. تەنانەت شارەکە زیندانی تێدا نەبوو، لە باتی زیندان چوار قوتابخانە و چەند زانکۆی تێدا بوو، بۆ ئەوەی ڕۆژی خۆی خوێندکاران، بەشەکانی پیشەسازی و هونەر و تەکنۆلۆژی...بێن، خزمەتی شارەکەیان بکەن.

شاری منداڵان،جوان و ڕازاوە بوو، هەر وەکوو بەهار، وەکوو باخ و بێستانی هاوین. هەموو ڕۆژێ بیریان دەکردەوە، زیاتر خزمەت بە شارەکەیان بکەن، هێڵی ئاسنی بۆ دامەزرێنن، فرۆکە خانەی هەبێ، هەوڵی ئەوەیان بوو لە داهاتوویەکی نزیکدا دەریایەک بێنن بۆ قەراخی شارەکەیان، پڕی بکەن لە بەلەم و پاپۆڕ و کەشتی.

ئێستا شاری منداڵان شان لە شانی شارەکانی دنیا دەدا، بەڵام هیوای ئەندازیار فکری برق و کارەبای بۆ شارەکە نەکردبوو! لە وانەیە لە بیری چوو بێ! ئەو شەوە کە شارەکەیان ئاوەدان کردەوە و منداڵەکان هەر یەکە و چوونە ماڵی خۆیان؛ بە تاریکی دانیشتن. ئەو شەوە بیریان کردەوە.





دەبێ کارێک بکەن بۆ ڕووناکی. لە یەک چرکەدا هەموویان بیرێک بە مێشکیاندا هات. بەر چاویان ڕووناک بووە. شەکەتی باڵی بەسەردا کێشابوون. بۆ ماوەیەک خەویان لێ کەوت. سێبەری هیلاکی لە لەشیان چووەدەرێ. بەیانی هیوا بەر لە هەموویان هاتە مەیدان و گۆڕەپانی شار، ئاوێنەیەکی بە دەستەوە بوو، ئاوێنەکەی ڕوو بە هەتاو ڕاگرت و ڕووی کردە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆی، قوتابیەکان هاتن سەیری هیوایان کرد. ئەوانیش چوون ئاوێنەیان هێنا، تیشکی خۆریان گرتە ژوورەکانیان.

منداڵە خۆشەویستەکان، جگەر گۆشەکانم، ئێستا شاری زارۆکان ڕووناکە،هەموو ماڵەکان شەو و ڕۆژ ڕووناکی لێ نابڕێت.

سەلاح نیساری

# داره سیحراوییەکه

لە ساڵانێکی دوور و درێژ بەر لە ئێستا، منداڵێکی بچکۆلانە خەریکی گەڕان لەناو دارستاندا بوو. لە ناوەڕاستی دارستانەکە دارێـــک هـەبـوو کـە لـەسـەری نووسرابوو

( مـن دارێـکـی سـیـحـراویم، وشەی سیحراوی بڵێن و ببینن)

مـنـداڵـەکـە کـەوتـە بـیری دۆزینەوەی وشە سیحراوییەکان و وتی:

( بیبیجی بابیجی بوو و هەجی مـەجـی و ..... زۆر وشـــەی تـریـش) بـەڵام هـیـچ شـتـێـک ڕووی نەدا.

منداڵەکە شەکەت و ماندوو، خۆی دا بە زەوی و وتی:

( تکادەکەم داری ئازیز) لەناکاو دەرگایەکی گەورە لەناو کۆتەڵی دارەکـە کـرایـەوە. منداڵەکە لە دەرگاکە چووە ژوورەوە، تاریکی هەموو وڵاتی داگرتبوو، منداڵەکە تەنیا دەیتوانی ئـەو نیشانەیە ببینێت کە لەسەری نووسرابوو:

( بـــــەردەوام بــە وشــە سیحراوییەکانت) هەر لەو کاتەدا منداڵەکە وتی: ( سوپاست دەکەم داری ئازیز). هەر بەو وشەیە ناو دارەکە ڕووناک بۆوە و ڕێگایەک بـەدیـار کـەوت کـە منداڵـەکـەی دەگـەیـانـدە شوێنێکی پڕ پڕ لە یـاریـی مـنـداڵان و شـیـرینی و چوکلێت. منداڵە بچکۆلەکە هەموو هاوڕێکانی بانگهێشت کرد بۆ ناو دارە سیحراوییەکە و کاتێکی پڕ پڕ لە خۆشی و پێکەنینیان بردە سـەر. هـەر لـەبـەر ئـەوەشـە کە خـەڵـک هـەمیشـە دەڵێن:

( وشـەی تکایە و سوپاست دەکەم وشەی سیحراویین)

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:**
**ترێ بۆکانی**



# دۆزرانەوەی مەتەڵی مریشک و هێلکە؟!

منداڵە خۆشەویستەکان! وتاری زانستیی ئەمجارەمان تەرخان دەکەین بۆ ئەو مەتەڵۆکەی کە ڕەنگ بێ زۆر جار وەک مەتەڵ لە خۆشمانیان داهێنابێ و وەڵامەکەیمان نەزانیبێ یان بە هەڵە شتێکمان گوتبێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ زانایان بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو جۆرە پرسیار و شتە زانستیانەن دان بۆ ئێمە. هەر بۆیە ئەو مەتەڵۆکە زانستییەشیان بۆ حەل کردووین و ئێمەیان لەو دەردی سەرییە ڕزگار کردوە، فەرموون با بزانین چۆنیان بۆ چارەسەر کردووین.

بەڵێ ئازیزەکان!

زۆر لەمێژە لەسەر زار و زمانان هەیە و بۆتە مەتەڵێکی بێ وەڵام و تەنانەت وەک مەتەڵۆکێکیش دای دێنن کە مریشک و هێلکە کامیان پێشتر بووە؟

بەم دواییانە لێکۆڵەرەوانی بریتانیایی ڕایان گەیاندوە کە وەڵامی ئەو مەتەڵەیان دۆزیوەتەوە و ئیتر




پێویست ناکا مێشکی خۆتانی پێوە خەریک بکەن. ئەویش ئەوەیە کە مریشک بەر لە هێلکە هەبووە، چونکە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کردوویانە پێستی مریشک هەڵگری توخمێکە بە ناوی «ئۆفۆسلیدینی ١٧» کە تەنیا لە جەستەی مریشک دایە. بەم پێیە، ڕژێنەکانی ناوەوەی مریشک ٢٤ کات ژمێر بەر لە هێلکە کردن ئەو ماددەیە دەردەدەن تاکوو پێستی هێلکەکە ساز بکا. لێکۆڵەرەوان لەو بڕوایە دان بە سەرنجدان بەوە کە تەنیا مریشک هەڵگری ئەم توخمەیە هیچ گومانی تێدا نیە و نەماوە کە مریشک بەر لە هێلکە هەبووە. کەواتە ئەو مەتەڵەیەشیان بۆ حەل کردین کە مریشک و هێلکە کامیان لەپێشدا بووە؟!



**ئا: سەید جەلال ساڵحی**

# وڵاتەکەمان بناسین

## «ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا»

شارستانی ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ٦٠ کیلومیتریی ڕۆژئاوای شاری کرماشان.

ئەم شارستانە لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیاییەوە لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی «دالاهۆ»، لە باشوورەوە لە گەڵ شارستانی «شیروان چەرداوڵ»، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە گەڵ «کرماشان» و لە ڕۆژ ئاواوە لە گەڵ شارستانی «گیلانی ڕۆژئاوا» سنووری هاوبەشی هەیە.

ڕووبەری جوغرافیایی ئەم شارستانە ٢١٠٠ کیلومیتری چوار گۆشەیە. ئەم شارستانە لە دوو بەخشی «حومەیل» و بەخشی مەرکەزی ئیسلام ئاباد و حەوت گەورەدێ (دهستان) و٢٠٤ گوند پێک هاتوە.

بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە ١٥٥٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە، هەموو خەڵکی ئەم شارستانە کوردن و بە زاراوەی «کەلهوڕی»



دیمەنێک لە ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا

قسە دەکەن و لە باری ئایینییەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە موسڵمانی شیعە مەزهەب و یارسانن.

پێش ئیسلام ناوی ئەم شارە «مەندەلی» بووە و دوای داگیر کرانی کوردستان لە لایەن موسڵمانەکانەوە و لە کاتی دەسەڵاتداریێتیی هاروون خەلیفەی عەباسیدا ناوی ئەم شارە دەگۆڕدرێت بۆ «هاروون ئاباد» و دواتر لە ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی و بە



ئاگرکەدەی شیان

فەرمانی ڕەزا شا ناوی ئەم شارە دەکرێت بە «شا ئاباد» و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی ناوی ئەم شارە دەگۆڕدرێت بۆ ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا.

شاری ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا ١٣٥٠ میتر لە دەریا بەرزترە و ئاوو هەوایەکی گەرم و نیمە وشکی هەیە. لەم دەڤەرە دوو کێوی بەرز « نوا کوێ» ( کێوی نوح)، و کێوی «نسار» هەڵکەوتوون کە بوونەتە سەرچاوەی ئاوی چۆمەکانی «ڕاوەند»، «مرێک» و « شامار» و چەندین سەراوی گەورەو بچوک لەم ناوچەیە.

ڕێژەی بارانی ساڵانە لەم ناوچەیە ٥٢٠ میلیمیترە، و دەشتی گەورەو بە پیت و بەرەکەتی «ماهیدەشت» لەم ناوچەیە هەڵکەوتوە کە لە باری کشتوکاڵەوە گرینگیەکی تایبەتیی



هەیە.

زۆرینەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن و بژێوی ژیانیان بەم شێوەیە دابین دەکەن.

ئیسلام ئاباد لە باری کشتوکاڵ و باخدارییەوە وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کوردستان دێتە ئەژمار کە ساڵانە بە ڕێژەیەکی زۆر گەنم، جۆ، گولەدان، نۆک، گوێز، هەنجیر، سێو، ترێ، هەرمێ وبادام لە زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت. لە باری کانگای ژێر زەوییشەوە چەندین کانگای بەردی « مەڕمەڕ» بەردی «دولمیت» و بەردی «ماڵۆن» لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون.

هەروەها بوونی چەندین ئاسەواری مێژوویی و شوێنەواری سروشتی جوانی وەک: کۆشکی ساسانی فیروزئاباد، قەڵای شیان، ئاگرکەدەی شیان، تەپەی چوغاگاوانە، ئاگرکەدەی میل میلگەی سیاسیا، کاروانسەرای ماهیدەشت، سەراو هەرسم، سەراو شەرەف ئاباد و سەراو شیان و.... بوونەتە هۆی ئەوە کە ئەم ناوچەیە لە باری توورێستییشەوە گرینگییەکی تایبەتی هەبێت.

ئا: کانی وایان

Kurdistan

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



هێمن رەسووڵی



سۆما و سارینا فەتحوڵڵاهی



سارینا ئیسانژاد



کارۆ عەزیززادە



ئەوین ئازاد



هەڤاڵ قازی



مەتین عەزیززادە



تروسکە مزەفەر



سیاوەش قەزایی



هاوڕێ بلکامە



سایە و جەلال ئیسانژاد



دیار دۆستاڵی



ئاشنا حاسڵ



کانی نادریان



پێژمان رەسووڵ زادە